# سەکۆ و بنکەی هۆشیاریی یان دەروێشایەتی " پاڵتۆڵک"؟



لەو ڕۆژەوەی خاک لە ژێر پێمدا ڕاکێشراوە و لەم بەستەڵەکی ترافیەیە دا کریگرتەبووم، سەراپای هەڵسان و دانیشتنم خولیایەکە وەدووی دۆزینەوەی هەستەکان کەوتووە، ئەو هەستانەی دەبنە دەست و پەنجەی پەریخانی خاک و گوڵەکانی تەمەن ئەچنن و لە گوڵدانی ژیانی دەکەن. لەو ڕۆژە هەتا ئێستا وێڵم بە دوای کڵافە دەزووی کۆمەڵگەکەما کە بست بە بست دەوریان داوم، لەو ڕۆژەوە کۆمەڵ بۆتە مەراقێکی گڕگرتووی سەرم و بە تیلی نیشانی چاوم، لەو ڕۆژەوە تاک و تەراکانی کۆمەڵگەکەم لە ترافیە دا هەڵسوکەوتێکی مۆدێرنانە لەگەڵ ژیانی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئەوروپیی دا دەکەن، چەندینەیان بەخۆشحاڵییەوە لە لاپەڕەکانی نێت دا و لە کوچە و کۆڵانەکانی چێت دا بە دیدەنی ناوی یەکدی و ڕستەی یەکدی دەگەن، دەروازەیەکی نوێیان بۆ پڕکردنەوەی گەورەترین بۆشایی ژیانی ئاوارەیی دۆزیوەتەوە کە ئەویش سەکۆی ڕۆشنبیرییە. لەگەڵ ئەوەی لە ژیانی ئەورووپا دا بوارێکی گونجاو بۆ کۆمەڵی کورد نارەخسێ کە بە هۆیەوە بتوانێت خەڵکانی نەتەوەکەی خۆی لە سەکۆیەک دا کۆبکاتەوە و بە خۆشییەوە ڕوو بکەنە ئەو سەکۆیە، تا هەر وەک جاران چۆن لە وڵات لە هۆڵێکی وەکوو هونەرمەندان و هۆڵی ڕۆشنبیریی کوردیی و میدیا دا کۆدەبووینەوە سوودمان لەو کۆڕ و کۆمەڵانە وەردەگرت کە ڕۆژانە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوە ڕامیاریی و پیشەیی و هونەریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە سازدەدران، ئاواش لە دەرەوەی وڵات دا بوارێکمان بۆ برەخسێ ئەو کارانە دووبارە بکەینەوە و بیکەینە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمان. هەلومەرجی پەرەپێدانی ئینتەرنێت یەکێکە لە بەکەڵکترین ئەو هەلانەی کە تازەگەریی هێناویەتییە کایەوە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، دەشا گەلی کورد بەدەر لە هەر گەلێکی تر سوودی لەم بوارە وەربگرتایە و هەلەکانی بۆ خۆی بقواستایەتەوە بۆ خۆی و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە لە دەرەوەی وڵات لە ڕووی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردییەوە تێمان کەوتووە. بەڵام مەخابن هەتاوەکوو ئێستا بە پێی پێویست نەمانتوانیوە سوود لەو تازەگەرییە وەربگرین، نەمانتوانیوە چ لە نێت دا و چ لە چێت دا هۆشیاریی بکەینە بنیاتێکی کۆمەڵایەتی و هەموو پێکەوە دڵسۆزانە بیپارێزین. ئێمە وەکوو نەتەوەیەک کاریگەرێتی دوژمنانمان زۆر لەسەرە، کە بە ناخماندا

چۆته خوارەوە و باری دەروونییمان هەتا بێت بەرەو خراپتر دەبات ئەگەر بێتوو هۆشیارانە بیر لە چارەسەرێکی گونجاو نەکەینەوە. ئێمە ئیتلاعاتانە و میتانە و بەعسییانە لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕەخنەدا بەرەو ڕووی یەک دەبینەوە، بە بێ ئەوەی گوێ بدەینە هیچ بنەمایەکی مرۆیی و نەتەوەیی و هۆشیاریی، جا چ بە نووسین بێت و چ بە دەنگ و چ بە خەنجەر لە پشتەوە لێدان، ئەوا ئێمەی کورد دەبینە پاڵەوانی گۆڕەپانەکانی سووکایەتی کردن بە یەکتری و شکاندنی هەستی کەسایەتی یەکتر. ئێمەی کورد هەرگیز نەمانتوانیووە لە ململانێی ئایدیۆلۆژیەت دا وەکوو کورد تەماشای بەرانبەرەکەمان بکەین، بەڵکوو هەمیشە بە چاوی ڕەقیبێکی دلڕەق تەماشای بەرانبەرمان کردووە بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکەین کە بەر لە هیچ شتێک بوونمان کوردین. هەتا ئێستا خۆمان ڕانەهێناوە کە بتوانین لە بوارێکی دڵسۆزانە و داهێنەرانەدا ڕەخنە لە یەکتر بگرین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دوژمنانە ڕەخنەی یەک دەکەین و بەعسییانە ڕەفتار لەگەڵ یەکتردا دەکەین بێ ئەوەی درک بە خۆمان بکەین. هەر وەک چۆن لە ماوەی ڕابوور دا مهاباد قەرەداغیی ببووە نیشانی ئەو پێکانە نابەجێیانەی کۆمەڵگەی کوردیی، کە لە چەندین نووسراوی بەرانبەرەکانی ئەو خاتوونە دا نەیاران وەک ڕەقیبێک تەماشاتی قەرەداغیی‌یان دەکرد و بە چەکووشی ئەستوور و گەورەی وشەی نابەجێ کەللەیان ئەکووتایەوە، ئەمەش تەنها لە پێناوی ململانێی ئایدیۆلۆژیەت و بیرکردنەوەدا. هەمان شێوە لە چێت دا کە بەناوبانگترینیان بۆ کورد پاڵتۆڵکە و چەندەها کۆڕ و سیمینا و کۆبوونەوەی بەسوودی تێدا ئەنجامدراوە جا لە هەر ژوورێکی ناو پاڵتۆڵک دا بووبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو کارانە بە ئەنجام گەیەندراوە. لە ماوەی ئەم چوار پێنج ساڵەی تەمەنی چێتی کوردیی لە پاڵتۆڵک دا هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەوەی کە بتوانین بوارەکان بەرەو فراوانتر بگۆڕین و هەوڵوتەقەلاکان لە پێناوی ڕۆشنبیریی کوردییدا بێت نەگ لە پێناوی بوونیەتی ژوورێک کە ناوی هەر شتێک بێت. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاڵتۆڵک بەرەو بوونیەتێکی ڕۆحانیی و ئاینیی دەڕوات و کە مرۆی کورد دەروێشانە زکری تێدا دەکات. میوانەکان بەڕێوەبەران و ئادمینەکان هەر یەکێکیان پابەندی تەکیەیەکی پیرۆزی ئەو باوەڕەن کە هەڵیان بژاردووە و بە ڕۆژ و بە شەو خەریکی زکری دەروێشانەی خۆیانن لە ژوورەکانیاندا. چەند ژوورێک هەن کە زۆرینەی میوان و دەروێشی شمشێر بە دەست و پرچ درێژ لە کینە ڕوویان تێدەکەن، کە ئەوانیش ژوورەکانی " ئێرە دەنگی کوردستانە، پێشکەوتن خوازان، چەپی سەربەخۆ، پێشمەرگە دێرینەکان" هیچ یەکێک لە دەروێشەکانی ئەم تەکیەیانە بە دەفی ژوورێکی تر حاڵ نایگرێت. شمشێری باوەڕ هەڵناکێشێت و نایکاتە قورقوراگەی باوەڕیەوە. لەوەتەی من پاڵتۆڵک دەناسم ئەوە بۆ پێنج دانە ساڵ دەچێت جگە لە سووکایەتی بە یەکتر کردن لە نێوانی ئەم ژوورانە دا هیچ دەستێکی تەباییم نەبینی درێژ بکرێت بۆ یەکدی و هەوڵبدەن وەک مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا مامەڵە بکەن و تێبکۆشن بۆ بەرفراوانکردنی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەموو دەبینە دەروێشی تەکیەیەک بە دەفی دەستی ئێرە دەنگی کوردستان و پێشکەوتن خوازان و چەپی سەربەخۆ و پێشمەرگە دێرینەکان نەبێت حاڵ نامانگرێت. ئێمە ئەگەر لە گەورەیی چەند سێنتیمەترێک دا نەتوانین تەبا بین و یەکتریمان خۆش

بوێت و بۆ کورد تێبکۆشین نەگ بۆ شێخی تەکیەکە، ئیدی بۆ لۆمەی پارتە سیاسیەکانی کورد بکەین؟ کە ئەم چەند ژوورەی ناو پاڵتۆڵک حەز بە چارەی یەک نەکەن ئیدی لۆ مام جەلال و مەسعود بارزانی حەز بە چارەی یەکدی بکەن؟ ئەگەر ئێوە ڕووناکبیرن و دژ بە ناتەبایی نەتەوەیین بۆ پێشتر ئاورێک لە خۆتان نادەنەوە بزانن چ کارەساتێکتان لە چەند سێنتیمەترێک دا ناوەتەوە. تەماشای خۆتان بکەن لە چ کۆڕێکی دەروێشانەی نا حاڵیی‌یانەدان کە نەگ هۆشیاریی بگرە خۆشتان بیرچۆتەوە بە دەستی حەی حەی حەی "د ک ک" حەی حەی حەی " م پ د" حەی حەی حەی " پ ش ک" حەی حەی حەی " چ پ س" .

پۆلا سەعید
12.10.03